

پەیامی ڕاگەیاندن

د.محەممەد ئەلدروبی
وەرگێرانی: لوقمان غەفوور

پەیامی ڕاگەیاندن یەکێکە لەگرنگترین وتارەکانی کاری ڕۆژنامەنوسیو بڵاوبوونەوەی بەکارهێنانی لەبوارە جیاوازەکانی چالاکی ڕۆژنامەنوسی- پەیوەندیکردندا، لەهەموویان بەرفراوانترە، هەرچەندە پەیامی ڕاگەیاندن دیاریکراوو ئاشکرا دیارە، بەڵام لەڕووی سروشتو ڕێژەی ئەو ڕەگەزانەوە کەپێکیدێنێتو ڕەنگدانەوەی لەسەر کرداری تێگەیشتنی ئاسانو دروستو لەڕووی ڕێو شوێنی پێشوازیکردنی گەرموگوڕ لێی، هێندە ئاڵۆزو فرە لقە، هەروەها لەڕووی جۆرەکانیەوەو پەیوەندی ئەو جۆرانە لەگەڵ ڕەهەندی کاریگەرییە سایکۆلۆژییەکەی کە لەسەر وەرگرەکانی بەجێدێڵێت، لەکۆتاییدا پەیامی ڕاگەیاندن ئەرکی دیاریکراوی لەئەستۆدایە پێویستە جێبەجێیان بکات، ئەگەر نا هۆکارەکانی پێکهاتنیو بڵاوبوونەوەی، لەدەستدەدات، لەبەرئەوەی ئەم سێ خاڵە بایەخێکی گەورەیان لەتێگەیشتنو نزیکبوونەوەی زانستی لەیەکێك لەگرنگترین چەمكو باکگراوەندی تەکنیکی ڕۆژنامەنوسیو ڕاگەیاندنی- پەیوەندیکردندا هەیە، بۆیە لەم بەشەدا بەجیا هەریەکەیان باسدەکەین، بەڵام پێش ئەمە پێویستە پەیامی ڕاگەیاندن زیاتر دەستنیشان بکەین، بەمانایەکی دیکە، پێویستە سێ مەرجی سەرەکی تێدابێت تاکو بەپەیامی ڕاگەیاندن وەسف بکرێت.

هیچ توێژەرەوەیەك ناتوانێت پێناسەی پەیامی ڕاگەیاندن بکات، ئەگەر زانیاری یان ڕاستییە نوێیەکان نەکاتە تەوەرەیەکی ناوەندی بۆ خۆی، چونکە پەیامەکە تەنهائەوکاتە پەیامێکی ڕاگەیاندن دەبێت ئەگەر زانیارییو ڕاستی نوێ لەخۆ بگرێت، ئەمەش ڕاستەوخۆ بەرەو ئەو بۆچونە یان وتەیەمان دەبات کەهەموو پەیامێك پەیامی ڕاگەیاندن نییە، هەرچەندە هەندێك وایدادەنێن، چونکە ڕووداوە ئاساییو ڕاستییە زانراوەکان لەوانەیە بابەتێك یان ناوەڕۆکێك بن بۆپەیامەکە، بەڵام ئەو پەیامە پەیامێکی ڕاگەیاندن نابێت، بەو مانایەی ئەگەر ئێمە قسەمان لەگەڵ کەسێکدا کردو قسەی بۆکردینو وتی: "جگەرەکێشان زیانی زۆری هەیە"، لەواقیعدا ئەوکەسە پەیامێکی بۆگواستوینەتەوە دەتوانین بەپەیامێکی بیرخەرەوەو ئاگادارکەرەوەی دابنێین، بەڵام لەهیچ بارێکدا ئەمە بەپەیامێکی ڕاگەیاندن دانانرێت، مادام لەوانەیە خۆمان لەوانەیە زیاتر لەو بەزیانەکانی جگەرەکێشان ئاشنابین، چونکە بەو پەیامەی هیچ شتێکی نوێی فێرنەکردین و هیچ لەزانیارییە هەڵگیراوەکانمان زیادی نەکرد، وەك ئەوە وایە لەگەڵ هاوڕێیەکدا بەناو باخچەی ئاژەڵاندا پیاسە بکەینو ئەو هاوڕێیە بڵێت: "ئەسپ" پەیامێکمان ئاراستە دەکات ئامانجی ئەوە نییە هیچ ڕاستییەکی نوێمان پێ ببەخشێت، چونکە ئێمە تەنها چاوەڕێی بینینی ئەسپێك دەکەینو هەروەها دەشزانین ئەو ئاژەڵە ئەسپە، بەڵام ئەو ئامانجی ڕاکێشانی سەرنجمانە بۆئەسپێك کە لەدوایدا لە کرداری مەزەندەکردنو دەربڕینی ڕایەکاندا دەربارەی ئەو ئەسپە، بەشداری لەگەڵدا دەکەین، بۆنمونە دەڵێین: ئەسپێکی جوانە، قەبارەی گەورەیە، بەتەمەنە...هتد ئەم پەیامە هیچ سیفەتێکی پەیامی ڕاگەیاندن لەخۆناگرێت تەنها لەوکاتەدا نەبێت ئەگەر برێك لەزانیاری یان ڕاستی نادیار لەخۆبگرێت کە لەلای وەرگرەکە نوێ بن، لێرەوە ئیتاڵی بەناوبانگ (ویمبەرتو ئیکو) بەم شێوەیە پێناسەی پەیامی ڕاگەیاندن دەکات: "ئەو پەیامەیە کەزانیاری نوێ بۆزانیارییەکانم زیاددەکات، ئەو پەیامەیە کە وەك دەرئەنجامێکی بنەڕەتی دەردەکەوێت"، بەڵام دامەزرێنەری زانستی (سیبرنیتیکا- sybernetics)* نوربەرت فینیەر لەڕێگەی درککردنی بە زانیارییەکان بەماناو فرمانە کۆمەڵایەتییەکەیەوە، پێناسەی پەیامی ڕاگەیاندن دەکات:"ئەو پێکهاتەو ناوەڕۆکانەیە لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا ئاڵوگۆڕی دەکەینو لەگەڵیدا دەگونجێین، هەروەها لەڕێگەی گونجانمان لەگەڵیدا ئێمەش کاری تێدەکەین .... ژیان بەکارایی واتە هەمیشە زانیاری پێویستو نوێت لەلابێت" بەم شێوەیە پەیامی ڕاگەیاندن بەپێی پێناسەکەی نوربەرت فینیەر، ئەو پەیامەیە کەیارمەتیمان دەدات بۆ هەموارکردنی ڕەفتارو هەڵسوکەتمان لەکاتی کرداری گونجانی بەردەوامیمان لەگەڵ جیهانی دەرەکیدا بەئاراستەی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیی یان سروشتییانەی لە چواردەورماندان.

پرۆفیسۆر توماجورجیفیچ بەشێوەیەکی ڕەهاو بناغەیی جەخت لەناوەڕۆکی نوێ دەکات وەك مەرجو جەوهەری پەیامی ڕاگەیاندن، ئەویش لەڕێگەی هەوڵدانییەوە بۆ دیاریکردنێکی ڕەهاییو بەم شێوەیە وەسفی کردووە "....وەك زانیاری نوێ لەڕێگەی پراکتیزەکردنەوە بەدەستهێنراوەو بەهۆی بەکارهێنانی نیشانە زمانەوانییەکانەوە یان سیستمە نیشانەییەکانی دیکەوە، ئاشکراکراوە، بەشێوەیەك دەتوانرێت لەنێوان ڕەگەزەکانی ڕووداوی پەیوەندیکردندا ئاڵوگۆڕبکرێت"

شانبەشانی ئەمە، دەتوانرێت باسی پێناسەیەکی دیکە بکرێت کەئاشکراییو بایەخی زۆرتری پێوەدیارە، ئەویش دوشان سلافکوفیچ بەم شێوەیە پێناسەی کردووە " زانیاری یان ئەزموون، هزر یان مانایەکی نوێیە پێشکەش بەوانە دەکرێت کەنایزانن یان ئاگاداری نین، ئەویش لەڕێگەی کۆمەڵە نیشانەیەکەوە کەپێشتر لێی تێگەیشتوون"، بەڵام بایەخی ئەم پێناسەیەو سەرنجڕاکێشانی وەرگر، مەرجدارکردنییەتی بەنیشانەی تێگەیەنراو یان تێگەیشتوو لەلای خوێنەر، چونکە ئایا پەیامێکی ڕاگەیاندن کە بەنیشانەی ماتماتیکی یان کیمیایی باس لەپێشکەوتنێك لە گەردوونزانیدا دەکاتو ئاراستەی کەسێکی ئاسایی وەك کرێکار یان جوتیارێك دەکات بەپەیام دادەنرێت؟ هەروەها ئایا پەیامێك کەباس لەهەواڵێکی نوێ بکات لەسایکۆلۆژیدا سەبارەت بەکاردانەوەی ترس لەسەر داهێنان بەگوزارشتکردنێکی فەلسەفییانەی زانستییو ئاراستەی منداڵێك بکرێت، ئایا بەپەیامێکی ڕاگەیاندن دادەنرێت؟ ئەم جۆرە پەیامانە پەیامی ڕاگەیاندنن، بەڵام لەگۆشەنیگاو پێداویستییو توانای وەرگرەکەیاندا بەپەیامی ڕاگەیاندن دانانرێن، چونکە زانیاری لای کرێکارەکە زیاد ناکەن، لەبەرئەوەی کەناوەڕۆکی پەیامەکەی وەرنەگرتووە، منداڵەکەش بەهەمان شێوە زانیارییەکانی زیاد نابن چونکە هیچ لەپەیامەکە تێنەگەیشتووە، بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین قابیلیەتی تێگەیشتنو درککردن بەئاماژەکانی ناو پەیامەکە Decode لایەنێکی گرنگی زانیارییەکان یان ڕاستییە نوێیەکان دەنوێنێنو دەبنە مەرجی دووەمی پەیامی ڕاگەیاندن.

بەڵام مەرجی سێیەم، نوربەرت فینیەر بەشێوەیەکی نادیار لەڕێگەی دیاریکردنی (فرمانی کۆمەڵایەتی زانیارییەکەوە) ئاماژەی پێداوە، لەم ڕووەوە بەم شێوەیە مەرجی سێیەمی ڕوونکردۆتەوە، هەر زانیارییەك خاوەنی بەهایەکی بەکارهێنانی ئەوتۆ نەبێت بایەخەکەی لەدەستدەداتو پێویستی مرۆڤ بۆی کەمدەبێتەوە تاکو دەگاتە ئاستی سفر، لێرەوە لەوە تێدەگەین، پەیامی ڕاگەیاندن مانا پیشەییەکەی لەدەستدەدات ئەگەر لەدەوری ئەو زانیارییانە مولگەی بەست کەهیچ ڕۆڵێکیان نەبێ لەکرداری بڕیاردانی تاكو ئاراستەکردنی چالاکییەکانیو هەڵسوکەوتەکانیدا، چونکە پەیامی ڕاگەیاندن پێویستە پشت بەو زانیارییانە ببەستێت کەهێشتا ئاشنابوونی مرۆڤ بۆیان لەسەربڕیارو هەڵسوکەوتەکانی ڕەنگدەداتەوە، یان بەگوزارشتێکی دیکە لەبارە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا کەخۆی تێیدا دەبینێتەوەو سوودیان لێ وەر دەگرێت بەتایبەتی لەکاتێکدا ڕووبەڕووی ڕووداوێك دەبێتەوە کەبابەتی پەیامی ڕاگەیاندنەکە بێت، ئەگەر ئەمڕۆ ڕۆژنامە بەرنامەکانی دوێنێی تەلەفزیۆن بڵاوبکاتەوە، دەبێتە هۆی گاڵتەجاڕی، هەرچەندە بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی تەلەفزیۆن پەیامێکی ڕاگەیاندنە، بەڵام بەمەرجێك ئەگەر پێش پەخشکردنی ئەو بەرنامانە بکەوێتو جەماوەر بۆ ڕێکخستنی کاتەکانیان سوودی لێوەربگرنو بزانن کاتەکانیان ڕێگە بەتەماشاکردنی کام بەرنامە دەدات.

ئەگەر پەیامێکی ڕاگەیاندن باسی داخستنی پێشانگایەکی کتێبمان بۆبکات بەبێ ئەوەی هەمان ئەو هۆکاری ڕاگەیاندنە هەواڵی کردنەوەی یان هەر هەواڵێك دەربارەی ئەو پێشانگایە بڵاوبکاتەوە، ئەوا سەرەرای هەژاندنی گاڵتەجاریمان بەرامبەری، لەگەڵیدا توڕەش دەبین.

چونکە پێشتر هیچ پەیامێکی ڕاگەیاندن سەبارەت بەم پێشانگایە لەکاتی گونجاودا بڵاونەکراوەتەوە تاکو ڕێگەمان بدات سەردانی بکەینو تەماشای هەندێك لەبڵاوکراوەکان بکەینو هەندێکی دیکەشیان بکڕین. بەدەرچوون لەم خاڵەوە زۆربەی پسپۆڕانی ڕاگەیاندن لەسەر ئەوە کۆکن بایەخ و هێزی هەر پەیامێکی ڕاگەیاندن لەسەر دوو ڕەگەزی سەرەکی بەندە، ئەویش بریتییە لەبری ئەو زانیارییە نوێیانەی پێشکەش دەکرێن، دووەمیشیان پێشکەشکردنی کاتی گونجاو بۆ ئەوپەری سوود وەرگرتن لەناوەڕۆکی ئەو پەیامی ڕاگەیاندنە.

چونکە بەنەبوونی یان لەدەستدانی یەکێك لەم دوو ڕەگەزە یان هەردووکیان هەرتەنها بایەخەکەی لەدەستنادات، بەڵکو سیفەت یان خەسڵەتە ڕاگەیاندنەکەشی لەدەستدەدات.

*زانستی (سیبرنیتیکا- sybernetics): ئاراستەکردن

ئاشنا بوون بەدیموکراسی

ئا: عەبدولڕەحمان سابر بەرزنجی

وەك ئاشکرایە کۆمەڵگای کوردی، تازە بەتازە ئاشنا دەبێت لەبواری سیستمی دیموکراسی لەکوردستاندا، ئەوەی من دەیڵێم کەم بێت یان زۆر بتوانم کەمێك خزمەت بەبواری دیموکراسی بکەم لەکوردستانداو ڕونکردنەوەیەکی بچوك لەسەرچاوەکان گەڵاڵە بکەمو بیخەمە بەردەستی خوێندەواری ئازیزو چەند بۆچونێکی خۆشم لەگەڵیدا دەربرم.

وتراوە دیموکراسی نەئایدۆلۆژیایەو نەدروشمەو نەئامانج، بەڵکو میتۆدێکی حوکمڕانییە کەبەشداریو چاودێری خەڵك تیایدا زۆرەو لەدەرئەنجامدا هەڵەی دەسەڵاتداران دەگاتە کەمترین ڕێژەو لەم ئاستەوە وەك کۆمەڵگا دەتوانین باشترو خێراتر بەئامانجو دروشمە دەستنیشانکراوەکانی خۆی بگات، ئەم میتۆدە حوکمڕانییە کەخەڵك سالاریشی پێدەوترێت، نەڕۆژهەڵاتییەو نەڕۆژئاواییە، بەڵکو وەك داهێنەرەکانی تری مرۆڤایەتیی زادەی ساڵەهای ئەزموونی زانستییو پراکتیکی، حوکمڕانیی دووسەد ساڵی ڕابردووە، پێناسەی دیموکراسی (DEMO) دیمۆ: کورتکراوەی (Demos) کەبەمانای گەلو خەڵك دێتو (کراسی) کورتکراوەی(Kratia)یەو بەمانای حکومەتو حوکمڕانی دێت، بەوشێوەیە دیموکراسی واتا حوکمی گەل، دیموکراسی واتا بەشدارییە لەحکومەتدا لەڕێگەی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی بیرمەندانی سۆسیۆلۆژیای گەلەوە هەولیانداوە دیموکراسی لەدەربڕینی کورتدا پێناس بکەن، وەك(حکومەتی گەل بۆ گەل، حکومەتی زۆرینەی خەڵك سالاری، دەسەڵاتدارێتیی خەڵك) دیموکراسیی پێشینەیەکی (2500) ساڵەی هەیەو لە کۆنترین سەردەمەوە، واتە لەدەوڵەتی ئەسیناوە لەیۆنانی کۆندا دیموکراسیی داهێنراوی کەس نییە، بەڵکو خەڵکی ئەسینا بەئەزموونو هۆشمەندی پێی گەیشتوون.

خەڵکانی ئەوسەردەمەی ئەسینا دووئامانجیان هەبوو:

1- کەسێك یاگروپێکی دەسەڵاتخوازو تاکڕەو نەچێتە سەر دەسەڵات.

2- کەسانیی شایستەو شیاو لەسەرچاوەی کارەکانی دەوڵەت دابندرێن.

دیموکراسیی لەڕووی زمانەوانییەوە زاراوەیەکی زۆر دێرینەو پێشینەیەکی چەند هەزار ساڵەی هەیە، هاتنە ئارای لەفەرهەنگی سیاسی وڵاتی ئێمەدا دەگەڕێتەوە بۆسەدەی نۆزدەهەمو سەدەی بزووتنەوەی مەشروتە.

ئاشنابوون بەدیموکراسیی

دەکرێ دوا داواکانی سەدەی نۆزدە بەدەسپێکی گەشەی دیموکراسی و هەروەها بەبڵاوکردنەوەی یەکەمین شەپۆلی دیموکراسی دابندرێت لە وڵاتانی خۆرئاوادا.

لەدیموکراسیدا جێکردنەوەو سەربەخۆیی واقیعیانەی دەسەڵاتەکان هیچ لە ناو ڕژێمە دیموکراسیەکاندا، پارتەکانی ئازادو چالاکن، مافی کەمینەکان بەرەسمی ناسراوە، گرنگترین بنەڕەتی دیموکراسی بەهەڵە زانینی کارەکانی مرۆڤەو پێویستە بەهۆی چاودێری خەڵکەوە هەڵەکان بەکەمترین و نزمترین ڕێژە بگەیەنرێن، هەموو هەڵبژاردنەکانیش ئازادو بێ قەیدوشەرت.

هەموو خەڵك لە وڵاتی دیموکراتدا لە بەرامبەر یاسا یەکسانن و نەیاری شەڕو جەنگن، بە هۆی زیانە ماددی و مەعنەوییەکان، دەسەڵاتدارانیش بەدەنگی خەڵك دەگەنە دەسەڵاتو بە دەنگی خەڵکیش لە دەسەڵات کەنارگیر دەکرێن، ڕاگرتنی ئاسایش و ئارامی خەڵکی لەسەرشانی دەسەڵاتە، پەیوەندی نزیك هەبێت لە نێوان دەسەڵات و خەڵکداو دەسەڵات بچێتە نێو خەڵك.

دیموکراسیەت پاڵپشتی هەڵبژاردنەکانە، هەڵبژاردنیش هەمە چەشنی هەیە، وەك ڕێبازی نوێنەرایەتی ڕێژەیی، ڕێژەیی جوگرافیایی باوترینیانە، دیموکراسیترین ڕێباز هەڵبژاردنی ڕێژەییە لەم ڕێبازەدا، نوێنەرانی خەڵك لەئەنجومەندا بەپێی ڕێژەیی تێزە فکرییە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا دەبێت، باوترین ڕێبازی هەڵبژاردنیش، هەڵبژاردنی جوگرافی یان ناوچەییە، کە لە هەر ناوچەیەکدا بەپێی ئەو دانیشتوانەی کە هەیەتی ژمارەیەك نوێنەر بەئەنجومەن دەناسێنێتو هەموو تاکەکانی وڵاتیش مافی ئەوەیان هەیە خۆیان کاندید بکەنو هەڵبژێرن.

لە سەرجەم وڵاتاندا تەزویرو پروپاگەندەی هەڵبژاردن بۆ کێشکردنی هەرچی زیاتری خەڵك بۆ سندوقەکانی دەنگدان زۆر بەربڵاوە لەهەندێ وڵاتیش تەزویری یاسایی هەیە کە دیموکراسی سنووردار دەکات، وەکو کاندیدکردنی کاندیدەکان لەلایەن دەوڵەتەوەو دانانی مەرجی سەختی کۆتو بەند کە بۆ خۆ کاندیدکردن .

دیارە سەرهەڵدانی دیموکراسی لە کوردستاندا مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە و بەڵام نامەوێت بچمە قوڵایی ئەو مێژووەوە بەڵام بەپێویستی دەزانم ئەوە بەخوێندەوارانی بەڕێز بڵێم سەرەتای مومارەسەکردنی دیموکراسیی لەکوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆسەرەتای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری 1991و دوای ساڵێك لە(1992/5/19) گەلی کورد بۆ یەکەمینجار لەمێژووی خۆیدا هەستا بەسازدانی هەڵبژاردنی پەرلەمان کوردستان، هەروەها دواتر پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کەهەرچەندە شارەزاییەکی ئەوتۆی نەبوو لەبواری هەڵبژاردندا بەڵام تواندرا تائاستێکی باش سەرکەوتن بەدەست بهێننو پەرلەمانو حکومەتێکی نموونەیی باوەڕپێکراو هەڵبژێرن.

ئێمە وەك گەلی کورد خاوەنی ئەزموونێکی زۆر کەمبووین لەبواری دیموکراسیداو یەکەمینجارە میللەتەکەمان ڕووبەڕووی ئەم گۆڕانە گەورەیە دەبێتەوەو دوای وەدەرنانی ڕژێمێکی دیکتاتۆری خۆی بچێت دەسەڵات بۆخۆی هەڵبژێرێتو دەنگی پێبدات.

هەندێ کەس کەدەچوون بۆدەنگدان لەقینو ناحەقی ئەو حکومەتە دیکتاتۆرەی بەغدا بوو کەدەچوون بۆ دەنگدان ئەگینا هەندێ کەس ئاشنا نەبوون بەدیموکراسیی، بەڵام ئێستاکە ناوی دیموکراسیی لەسەر زاری هەموو تاکێکی کوردیە گەرچی دیموکراسیی تاکو ئێستا لەکوردستاندا هەر ساوایەو نەدەسەڵات هێندە دیموکراسە کەوابڵێین بەتەواوی حەقی دیموکراسیی داوەتە دەست گەلو خەڵکی بەتەواوی دیموکراسن لەکوردستاندا ئەوتا خەڵکیش بەتەواوی لەدیموکراسییو بەندەکانی ئاشنان هەندێ کەس بەهەڵە لەدیموکراسیی دەگاتو بەچەواشەیی بەکاری دەهێنێتو دەبێتە بەرەڵایی، کەسانی واش هەن هەر ئەو دیموکراسییە دەکەنە درندەیەکی ترسناكو دەیکەن بەگژ دەسەڵاتدا، ئەمە کارێکی هەڵەیە گەر بتەوێ لەپشت دسموکراسیی خۆت ئەنجام بدەیتو وێنەی دیموکراسیی ناشیرین بکەیتو ڕەنگو ڕووی بگۆڕیت بەوشێوازەی کەخۆت دەتەوێت لەتاقیکردنەوەی دیموکراسیی لەکوردستاندا دەبێ زۆر بەژیرانە مامەڵە لەگەڵ دیموکراسیی بکرێتو زیاتر خەڵکی لێ وشیار بکرێتەوە چونکە ئێمە جیاوازییەکی زۆر گەورەمان هەیە لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتنخوازو دیموکراسیی خوازەکانی جیهاندا.

ئێمە تازە بەتازە ئاشنای دیموکراسیی دەبینو چاوەڕێی هاوڕێیەتی لێدەکەینو دەبێ کۆمەڵگەی کوردی لەئامانجو هۆکارەکانو سوودو ئەزموونەکانی دیموکراسیی تێبگات، یان تێی بگەیەنین کەچۆن ڕۆژانە ڕەفتار دەکەن وەك کەسێکی دیموکراسیخواز کار دەکەن چۆن دەسەڵات هەڵدەبژێرنو چۆن ڕەخنە دەگرن بەرامبەر کەموکورتی کاری حکومەتو پەرلەمان.

دەبێ گەلی دیموکراسیخواز هەردەم پەناو پاڵپشتی دەسەڵات بێ، دەسەڵاتیش هەست بەم دلسۆزییەی گەلەکەی بکاتو لەیەك دانەبڕێن، کۆمەڵانیی خەڵکیش زۆر بەدیموکراسیانە لەهەڵبژاردنەکاندا بچنە بەردەم سندوقی دەنگدانەکان بێ هیچ ترسو لەڕزێك ویژدانو دەستو قەڵەمەکانیان یەکبخەنو دەنگ بدەن بەو کەسانەی کەخزمەت بەگەل دەکاتو خەمخۆریانە، ئەو خەڵکەش زۆر بەدیموکراسیانە کەسانی شیاو هەڵبژێرن بۆسەر کورسی دەسەڵات کەلەئاستی ئەو پۆستەدابنو ئەو متمانەیەدابن بۆئەوەی بتوانێت داهاتوویەکی ڕووناکتر پێشکەش بەکۆمەڵگاکەی بکاتو هەوڵبدات کۆمەڵگایەکی زیرەكو چالاكو مەدەنی دیموکراسیی خواز بەرهەمبهێنێت نەك کۆمەڵگایەکی تەمبەڵو دواکەوتوو!!.

سەرچاوە: کتێبی ئاشنابوون بەدیموکراسیی
نووسینی دکتۆر عەباس عەلی سەحافیان
وەرگێڕانی: کارزان محەممەد